ئاسایشی هەرێم نیگەرانی لە بەیاننامەکەی سودانی دەردەبڕێت: هیچ ئاماژەیەک بە ڕۆڵی ئەم لەکوژرانی جەگری خەلیفە نەدراوە

ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، جەگری خەلیفەی داعش و بەرپرسی داعش لە عێراق و سوریا بە ناوی عەبدوڵا مەکی موسەیح رفیعی ناسراو بە ئەبو خەدیجە لە چالاکییەکدا بەهاوکاری هێزەکانیان کوژراوە، بەڵام لە ڕاگەیەندراوی سەرۆک وەزیرانی فیدراڵدا هیچ ئاماژەیەک بە ڕۆڵی سەرکیی ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم نەدراوە، ئەم نادیدەگرتنەش ئاماژەیەکی باش نییە بە ئاسەی هاوکاریی دامودەزگانی هەرێم و فیدراڵ.

ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان ئەمشەو لە ڕونکردنەوەیەکدا باسی لەوەکردوە، "دوای چەندین ساڵ بەدواداچون و بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان و هاوئاهەنگی لەگەڵ هاوپەیمانان و دواتر لەگەڵ هێزەکانی فیدراڵی عێراقی، جەگری خەلیفەی داعش و بەرپرسی داعش لە عێراق و سوریا بە ناوی عەبدوڵا مەکی موسەیح رفیعی ناسراو بە ئەبو خەدیجە لە چالاکییەکدا کوژرا".

ئاماژەی بەوەشکردوە، "ئەو کردارەش دەرخەری ڕۆڵی ئەمنیە لە ڕوبەڕوبونەوەی هەڕەشەی تیرۆریستان لە ناوچەکەدا".

لە ڕونکردنەوەکەدا هاتوە، "بەداخەوە لە ڕاگەیەندراوی سەرۆک وەزیرانی فیدراڵدا هیچ ئاماژەیەک بە ڕێی سەرکیی ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان نەدراوە، ئەم نادیدەگرتنەش ئاماژەیەکی باش نییە بە ئاسەی هاوکاریی دامودەزگانی هەرێم و فیدراڵ".

ئەوەش خراوەتەڕو، "دامودەزگاکانی سەر بە ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان ڕێی کاریگەریان لە ڕووبەڕووبونەوەی هەڕەشەی تیرۆریستان لەم ناوچەیەدا هەبوە و هەرواش بە کارایی لەم ئەرکەی بەردەوام دەبێت و باشترە حکومەتی فیدراڵیش زەمینەیەکی لەبارتری هاوکاری و هاوئاهەنگی برەخسێنێت لەپێناو پاراستنی ئارامی و سەقامگیریی سەرانسەری عێراق".